بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٣٦) لە ٢٠٢٢/٣/٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە بڕیاری ژمارە (١٢٩) لە ٢٠٢٢/١/١٢، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٢/٣/٩، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارەبا، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. بەردەوامبوونی کارکردن بە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٧) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧ تایبەت بە داشکاندنی ڕێژەی ١٥٪ ی قەرزی کرێی کارەبا و سزادانی دواکەوتن وسەرپێچی کارەبا، لە ١٠ی ئاداری ساڵی ٢٠٢٢ هەوە بۆ ئەو هاوواڵاتیانەی تا ٣١ی مانگی ئایاری ٢٠٢٢ بڕی پارەی پێویست دەدەن کە لە ئەستۆیانە.

٢. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران